# یادی کاک "ئەنوەر ئێران زادە" بەخێر بێت!

کاک ئەنوەری ئێران زادە، پارێزەر و نووسەری کورد، ڕۆژی ٢٠١١/٦/١١ لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٠٦/١٥ لە مەهاباد ئەسپاردەی خاک کرا.

ئەوە بۆ من کە لە نزیکەوە دەمناسی، هەواڵێکی دڵتەزێن بوو. خۆشەویستیی ئەنوەر لای من لە چەند سەرەوە بوو: کەسایەتییەکی هەڵسووڕاوی کورد لە مەهاباد و تاران بوو؛ لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێراندا خۆی وەک کاندیدی پەرلەمانی ئێران پاڵاوتبوو: چەند بەرگ کتێبی بەفارسی نووسیبوو کە هەمووی لەپەیوەندی کوردستان و کورددا بوون؛ و دوای هەموو ئەوانە، برای کاک ئەسعەدی جێگەی ڕێزم و کوڕی خەباتکار و شۆڕشگێڕێکی ناوداری ناوچەی بۆکان بوو.

نەمر "عەبدوڵڵا ئێرانی" باوکی کاک ئەنوەر، لە ڕێبەرانی سەرەکی ڕاپەرینی ساڵی ١٣٣٢ ی شاری بۆکان دژ بە زوڵم و زۆری ئاغاکان بوو، کە دوابەدوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ئێران ودەسەڵات سەندنەوەی شا و ئیرتیجاع، کەوتە بەر هێرشی ڕاستەوخۆی باب نۆکەرانی ئاغاواتی بۆکان و لە ترسی گیان، بۆکانی بەجێ هێشت، لە مەهاباد گیرسایەوە و تاکۆتایی ژیانە پڕ لە شانازییەکەی (زستانی ساڵی١٣٥٥ ی هەتاوی، ١٩٧٦ ی زایینی) نەگەڕایەوە بۆکان[1]

نەمر میرزاحەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووف مەلاحەسەن)، هاوکار و هاوسەنگەری خەباتی عەبدوڵڵائێرانی لە ساڵانی پێش کۆدیتای ٢٨ گەلاوێژ، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، نەمر عەبدوڵڵا ئێرانی وەک ئەندامی حزبی دیموکڕاتی کوردستان لەبۆکان ناودەبات. لەو ساڵانەدا نەمر حاجی قاسمی کەریمی لەپەیوەندی "جبهەی میللی" و حزبی ئێراندا بوو، بەڵام بەگوێرەی قسەکانی میرزا حەمەڕەئووف، ئەو و کاک عەبدوللا ئێرانی سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئەو دەم بوون.[2]

دایکی کاک ئەنوەر، تووبا خانمی ڕۆستەم پوور، هاوسەری دووهەمی عەبدوڵڵا ئێرانی، لە ساڵانی پێش کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژدا مودیر و مامۆستای یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی کچانی بۆکان بوو. تووباخانم خوشکەزای نەمر عەزیز زەندی خەباتکار و کەسایەتی سیاسی ناوچەی موکریانە، کە بنەماڵەیان لە گوندی "قالوێ زەندان" ی ناوچەی گەورکانی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشتەوە هاتبوونە مەهاباد. عەزیز زەندی هاوڕێ لەگەڵ غەفوور مەحموودیان بە دامەزرێنەری حزبی "آزادیخواهان" لە مەهاباد (١٩٤١ – ١٩٣٩) دەناسرێت.[3] هەروەها ڕێزدار سەید محەممەدی سەمەدی لە لاپەڕە ١١٢ ی کتێبی

---

1 ئەم زانیارییانە لە نووسراوەیەکی ڕێزدار ئەسعەدی ئێرانزادە – برای کاک ئەنوەر، وەرگیراوە، کە لەکتێبی "بۆکان لەسەدەی بیستەمدا" ی کاک ڕەحمانی محەممەدیان، لاپەڕە١٤٧ تا ١٥٤ دا چاپ کراوە. بۆ ئەم کتێبە، بڕوانە بەشی ٢٩٣ ی هەر ئەم زنجیرە وتارە.

2 بیرەوەرییەکانی میرازا حەمەڕەئووف، لە لایەن کاک ئیسماعیل ئیسماعیل زادەوە ئامادە کراوە و هیوایە بەم زووانە لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکاندا بڵاو ببنەوە.

3 بڕوانە: فریدون حکیم زادە، "ساوجبلاغ مکری (مهاباد)- تاریخ تحولات سیاسی، فرهنگی و اقتصادی مهاباد به روایت اسناد"، انتشارات رهرو، مهاباد ١٣٨٩ [٢٠١٠]، صص ٥٦ و ٨١

"تاریخ مهاباد" دا لە زمان ویلیام ئیگڵتنەوە عەزیز زەندی بە یەک لە بناغەدانەرانی کۆمەڵەی ژێکاف ناودەبات.[4]

کاک ئەنوەری کوڕی ئەو دایک و باوکە وبەو خاڵوانەوە، هەردەبوایە سەری لەناو سەراندا بوایە، کە بوو. ئەنوەر جگە لە ئەرک و کاری پارێزەری، نووسەرێکی خۆش مرخیش بوو و کتێبی "تاقەدار"ەکەی لەئێراندا ناوبانگێکی باشی دەرکرد (بڕوانە بەشی ٥٤ ی ئەم زنجیرە وتارە). خوێنەر بە خوێندنەوەی کتێبەکە، هەست بە قەڵەمی بەهێز و توانای بەرزی نووسەر و لێهاتوویی سەرنج ڕاکێشی بۆ پەروەردەکردنی تەرح و پیلان – وەک بنەمای سەرەکی ڕۆماننووسی، دەبات. ئەو پێچ و گرێ ئاڵۆزەی وا لە ڕۆمانەکەدا بە ڕووداوەکان دراوە، چاوی خوێنەری تامەزرۆ تا دوایین لاپەرە، بە شوێن کارەساتەکە دا دەگێرن و دەیخەنە هەوڵی دۆزینەوەی سەرەهەودای ڕووداوەکان- کارێک کە ڕۆمانەکانی ئاگاتا کریستی لەگەڵ خوێنەری دەکەن.

بەداخەوە من بەختی ئەوەم نەبووە ڕۆمانەکانی دیکە و ئەو چیرۆکی منداڵانەیە ببینم کە کاک ئەنوەر نووسیونی و بەگوێرەی هەواڵی کاک مەنووچیهر جیهانی لە ماڵپەڕی "پەیامنێر" دا، لە ئێران چاپ کراون. بڕوانە:

http://www.peyamner.com/details.aspx?l=1&id=236853

سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کەس وکار و بەجێماوانی کاک ئەنوەر، بەتایبەت کاک ئەسعەدی خۆسەویستی هەموان دەکەم.

هیوایە کەس و کاری نەمر کاک ئەنوەر دەستنووس و بە تایبەت کارە بڵاونەکراوەکانی بپارێزن و هەوڵی چاپ وبڵاوکردنیان بدەن.

یادی نەمر ئەنوەر ئێران زادە بەخێر بێت!

---

4 بروانە: سید محمد صمدی، "تاریخ مهاباد"، انتشارات رهرو، مهاباد ١٣٧٧ [١٩٩٨]، فارسی، ص ١١٢